# شێوەزاری سۆرانی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژووروودا

م. هیوا أحمد عصاف م.ی. عمر أحمد عبدالرحمن

زانکۆی سۆران

فاکەڵتی ئاداب

بەشی کوردی

## پێشەکی

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (شێوەزاری سۆرانی لە نێوان زاری ناوەڕاست و ژووروودا)یە، تیایدا باس لەو پێکچوونانە کراوە، کە (سۆرانی) وەکو شێوەزارێکی زاری (ناوەڕاست) لەگەڵ زاری ژووروودا هەیەتی و جیاوازیشە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست، کە بناغەکەی شێوەزاری سلێمانییە. لێکۆڵینەوەکە هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی لایەنەکانی ئەو پێکچوونانە و دیاریکردنی هۆکارەکانی.

گرنگیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە دەیسەلمێنێت سنوورێکی دابڕ نییە لە نێوان زارەکانی زمانی کوردیدا و بەریەککەوتنی شەپۆلی زاری ناوەڕاست و ژووروو لە سنووری شێوەزاری سۆرانیدا دیاردەکات. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەش دیاریکردنی ئەو لایەنانەیە لە شێوەزاری سۆرانیدا، کە شەپۆلی گۆڕانی زاری ناوەڕاست پێی نەگەیشتووە، یان بەر شەپۆلی زاری ژووروو کەوتووە.

لێکۆڵینەوەکە (پەسنی ـ بەراوردکاری)یە و لە پێنج تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە. لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە شێوەی بلاوبوونەوەی زارەکان و سنوورتێکەڵیی نێوان زارەکانی زمان بەگشتی و زاری ناوەڕاست و ژووروی زمانی کوردی بەتایبەتی کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا باسی ئەو پێکچوونانە کراوە، کە شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو لە ئاستی دەنگسازی هەیانە و جیایان دەکاتەوە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست. تەوەرەی سێیەم تەرخان کراوە بۆ پێکچوونەکان لە وشەداڕشتندا. لە تەوەرەی چوارەمدا باسی پێکچوونەکان لە ئاستی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا کراوە. تەوەرەی پێنجەمیش تایبەتە بە پێکچوونەکانی (سۆرانی) و (ژووروو) و جیاوازییان لەگەڵ شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست لە فۆرم و ئەرکی هەندێك لە جۆرەکانی جێناودا. کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەش بریتییە لەو شێوە زمانەی، کە لە کوردستانی عێراق لەباری فەرمیدا وەکو زمانی نوسین بەکاردێت لەلایەك و ئاخاوتنی ناوچەی هەولێر و هەندێك جار ناوچەی خۆشناوەتیش وەکو شێوەئاخاوتنێکی شێوەزاری سۆرانی لەلایەکی ترەوە.

لە کۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## تەوەرەی یەکەم: بڵاوبوونەوەی زارەکانی زمان و پەیوەندیی نێوانیان

لە نێوان سنووره جوگرافییە جیاوازەکان و کۆمەڵە جیاوازەکاندا جیاوازیی قسەکردن هەیە، چونکە بڵاوبوونەوەی دانیشتووان بە سەر ڕووبەرێکی جوگرافیی فراواندا ژمارەی زارەکانی زمان و جیاوازیی نێوانیان زیاددەکات[١٣٠]. لە لایەکی ترەوە جیابوونەکەیان تێکەڵبوونیان سنووردار دەکات، نەبوونی تێکەڵیش جیاوازیی زمانیی دێنێتە ئاراوە[١٣١]، بۆیە جیاوازیی زمانی بەهۆی دوورکەوتنەوەوەیە، لەم دوورییەشدا تا بڕی دوورییەکە زۆرتربێت، جیاوازییەکەیان زۆرتر دەبێت[١٣٢]، تا لە خاڵێکدا جیاوازییەکە زۆر دەبێت و دەگاتە ڕادەی ئەوەی ناوی شێوەزار و پاشان زار و پاشان زمانی جیاوازییان لێ بنرێت. بەم پێیە شوێنە لێك نزیکەکان جیاوازییان کەمترە. کاتێکیش سنووری زارێکی تر دەستپێدەکات، واتای ئەوە نییە، کە ئەو دوو شوێنە هاوسێیە هاوبەشی و نزیکییان نییە. واتە ((بڵاوبوونەوەی دیالێکتەکان لە ناوچە جیاوازەکان بەردەوامیی هەیە و چەند لە ناوەندی بڵاوبوونەوەی خۆی دووربکەوێتەوە، جیاوازییەکان باشتر و زیاتر بەرجەستەدەبن، نەك بەوەی بەشێوەیەکی کتوپڕ سنوورێکی زمانی کۆتایی بێت و لەوێوە سنوورێکی دیکەی زمانی دەست پێبکات))[١٣٣]. زارەکانی زمانێك لە سەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دابەش دەکرێن، کە لە نێوان کۆمەڵە خەڵکێکی قسەکەری هەمان زماندا هەیە، چونکە ((زار لە سەر بنەمای جیاوازی دروست دەبێت))[١٣٤]. هەر زارێکیش لە کۆمەڵە شێوەزارێك پێکدێت. پێوەری کۆکردنەوەی شێوەزارەکانیش لەژێر ناوی زارێکدا ئەو پێکچوونە زۆرەیە، کە لە نێوان قسەکردنی چەند کۆمەڵە خەڵکێکدا هەیە. واتە شێوەزارەکان شێوەی جیاوازی بەکارهێنانی زارێکن، کە لەلایەکەوە بە ئەندازەی ئەوە جیاوازی هەیە لە نێوانیاندا، کە پێیان بگوترێت (شێوەزار)، لەلایەکی ترەوە بە ئەندازەی ئەوە هاوبەشی و پێکچوون هەیە لە نێوانیاندا، کە هەموویان جیابکاتەوە لە کۆمەڵەیەکی تر، تاکو پێکەوە پێیان بگوترێت (زار).

بێگومان لە نێوان زار و شێوەزارەکانی زمانێکدا کۆمەڵێك هاوبەشی و پێکچوون هەیە، ئەگەر وا نەبێت هەمووان بە زمانێك دانانرێن. دەگونجێت لە ناو تایبەتمەندییەکانی شێوەزارێکدا دۆخی وا هەبێت، کە هاوبەش بێت لە گەڵ یەکێك یان زیاتری زارێکی تری هەمان زمان. واتە دەشێت ئەو شێوەزارە هەندێك لە تایبەتمەندییە دەنگی و ڕێزمانییەکانی بە زارێکی تر بچێت، لە کاتێکدا جیاوازە لە شێوەزارەکانی تری هەمان ئەو زارەی کە پێکیدەهێنن. ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە:

**یەکەم:** دەشێت ئەو تایبەتمەندییە مۆرکێکی ڕەسەنایەتی بێت و لە ناو ئەو شێوەزارە و زارە لێچووەکەیدا مابێت، بەڵام بەهۆی گۆڕانی زمانەوە لە ناو زار و شێوەزارەکانی تردا نەمابێت. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابوونی جیاوازی زمانی و زارەکان، گۆڕانی زمانە[١٣٥]، لە گۆڕانی زماندا مەرج نییە هەموو کۆمەڵ و ئاواییە جیاوازەکان بە هەمان خێرایی و ئاراستە بگۆڕێن. ڕەنگە لە ئاواییەکدا دیاردەیەکی زمانی تووشی گۆڕان ببێت،

---

[١٣٠] محمد علي الخولي، مدخل الى علم اللغة، ص١٦٣.

[١٣١] وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، لا١٦٦-١٦٨، محمد على الخولى، مدخل الى علم اللغه، ص١٦٤.

[١٣٢] عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی(هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە)، لا٤١.

[١٣٣] هەمان سەرچاوە، لا٤٤.

[١٣٤] بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین، زار و شێوەزار، ل١٤.

[١٣٥] أنيس فريحة، اللهجات و أسلوب دراستها، ص ٢٤.

بەڵام لە چەند ئاوایەکی تردا ئەو دیاردەیە نەگۆڕێت، یان درەنگتر بگۆڕێت، یان بە جۆر و ئاراستەیەکی تر بگۆڕێت، چونکە ((گۆڕان لەم زارانەدا مەرج نییە هەر بەو شێوەیە ڕووبدات و هەموو زارەکان بگرێتەوە))[١٣٦].

**دووەم:** دەشێت ئەو شێوەزارە جیا لە شێوەزارەکانی تری هەمان زار بەهۆکاری جوگرافی و هاوسنووربوونەوە، کەوتبێتە ژێر کاریگەریی زاری بەرامبەرەوە و ئەو تایبەتمەندییەی لەو زارەوە وەرگرتبێت، نەك لە زارەکەی خۆیەوە، چونکە ((هاوسێیەتی جۆرێك لە ئاڵوگۆڕی کلتووریی نێوان خەڵکەکەی لێدەکەوێتەوە، کە ئەمەش کاریگەریی لەسەر زمانیان دەبێت))[١٣٧]. پلەی کاریگەریی نێوان زارەکانیش جیاوازە، بەجۆرێك ((جاری وا هەیە تەئسیرەکە سووك و ئاسانە و لە هەندێ ڕواڵەتی کەم بەدەردەکەوێ، جاری تریش هەیە یەکێکیان... بە سەر ئەوی تر زاڵ دەبێ و خۆی بەسەر دەسەپێنێ))[١٣٨]. لە ڕاستیشدا بە دەگمەن سنوورێکی دابڕ دەبینرێت لە نێوان قسەپێکەرانی زارەکاندا، بەڵکو جیاوازییەکان وردە وردە دەست پێدەکەن، تا لە خاڵی سنووری دوورتر بکەویتەوە، جیاوازییەکە زۆرتر دەبێت[١٣٩].

زۆرجار لە دوای سنووری زارەوە ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی بەردەوامیی هەیە، واتە لەدوای ئەو سنوورە زمانییەشەوە هەمان ژینگەی جوگرافی و کۆمەڵایەتی دەبینرێت. ئەم وەك یەکبوونەش دیسان کاریگەریی هەیە لەسەر پێکچوونی زمانی، چونکە لە گۆڕان و پەرەسەندنی زماندا ((باری جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلچەری و پەیوەندی لەگەڵ زمانانی تر دەور دەگێڕن لە چۆنیەتی شێوەگرتنی ئەم گۆڕینە))[١٤٠]. یان هەر هیچ نەبێت بە یەکتر کاریگەر دەبن، چونکە ((چینە جڤاکییە جیاوازەکان دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکتر[١٤١])).

**پەیوەندیی شێوەزاری ( سۆرانی ) بە زاری ( ژووروو )ەوە**

(سۆرانی) یەکێکە لە شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاست[١٤٢]. کە جگە لە ناوچەی مێرگەسوور و زێبار، هەموو پارێزگای هەولێر دەگرێتەوە. کۆتایی سنوورەکانی ئەم شێوەزارە ناوچەی لێکەوتی زاری ناوەڕاست و ژوورەوە. بەجۆرێك شێوەزارەکە هاوسنوورە لەگەڵ سنووری جوگرافیی مێرگەسوور لە پارێزگای هەولێر و باشووری پارێزگای دهۆك، کە ئەو دوو ناوچەیەش سنووری جوگرافیی زاری ژوورروون.

ئاسایی شێوەزاری سۆرانی پێکچوونی لەگەڵ شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاستدا (ئەردەلانی، موکری، بابانی، گەرمیانی) زۆرترە لەچاو هەموو زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی، چونکە لەگەڵ ئەو شێوەزارانەدا سەر بە یەك زارن. هەروەها شێوەزارەکە پێکچوونی لەگەڵ هەموو شێوەزارەکانی سێ زارەکەی تریشدا زۆرە(زاری خوارووی، ژووروو، گۆران)، چونکە هەموو سەر بە یەك زمانن. بەڵام بەپێی تیۆری بڵاوبوونەوەی شەپۆلی ئاوی[١٤٣] (wave theory) دەبێت پێکچوونی زۆرتری هەبێت لەگەڵ زاری ژووروو بەگشتی و شێوەزاری بادینانی بەتایبەتی لەچاو شێوەزارەکانی تری وەك (موکری، ئەردەلانی،بابانی، گەرمیانی) لە زاری ناوەڕاستدا. واتە ئەو

---

[١٣٦] طالب حسين على، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، لا٤٢.

[١٣٧] نادية رِضان النجار، فصول في الدرس اللغوي بين قدماء والمحدثين، ص١٧٧.

[١٣٨] عەلی عەبولواحید ئەلوافی، زانستی زمان، لا٢٠١.

[١٣٩] عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی(هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە)، لا٤٢.

[١٤٠] وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، لا١٦٧.

[١٤١] عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی(هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە)، لا٤٠.

[١٤٢] فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، لا٥٤.

[١٤٣] بڕوانە: بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەئەمین، زار و شێوەزار، لا١١-١٢، نادية رِمضان النجار، فصول في الدرس اللغوي بين القدماء والمحدثين، ص١١٧—١٢٠.

پێکچوونەی شێوەزاری سۆرانی لەگەڵ زاری ژووروودا هەیەتی زۆرترە لەو پێکچوونەی شێوەزارەکانی (موکری و ئەردەلانی و بابانی و گەرمیانی) هەیانە لەگەڵ زاری ژووروودا.

تیۆری شەپۆلی ئاوی بریتییە لەو بارەی، کە بەردێك فڕێبدەیتە ناو ئاوێکەوە، ئەو شوێنەی بەردەکەی بەردەکەویت بە دەوروپشتی خۆیدا کۆمەڵێك شەپۆل بڵاودەکاتەوە، لێرەوە لە ئەنجامی کاریگەریی بەردەکە شەپۆلەکان دەردەکەون. ئەم تیۆرە زیاتر پەیوەستە بە گۆڕانکاریی ناوەکی زمان و دابەشبوونی زمان بۆ چەند زارێك و کاریگەرییان لەسەر یەکتر[١٤٤]. پاشان ئەو زارانە دەبن بە زمان. بەپێی ئەم تیۆرە هەر زمانێك وەربگرین لە هەر کاتێکی مێژووییدا لێی بکۆڵینەوە، دەبینین پێکهاتووە لە چەند زارێك، ئەم زارانەش لە هەندێك شوێندا چوونە بە ناو یەکتردا. تەنانەت ئەو کاتانەش کە زارەکان دەبن بە زمانی سەربەخۆ، دەبینین پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەمێنێت و هێشتا لەژێر کاریگەریی یەکتردا دەبن، بەتایبەتی لە ناوچە سنوورییەکاندا، چونکە گۆڕان لە شێوەی شەپۆل لە چەقەوە دەردەچێت[١٤٥]. بەم پێیە دوو هۆکار بووەتە هۆی پێکچوونی زۆرتری نێوان شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو:

١- هێزی شەپۆلی ئەو گۆڕانەی، کە زاری ناوەڕاستی لێکەوتووەتەوە[١٤٦]، لەو ناوچەیەدا لاواز دەبێت، بەهۆی ئەوەی لە چەقەکە دوور کەوتووەتەوە. چونکە هێزی گۆڕان لە چەقەوە دەردەچێت، ئەو خاڵەی دەستنیشان دەکرێت، تا لە چەقەوە دوورتربێت، کاریگەریی شەپۆلەکەی لە سەر لاوازدەبێت. بەهۆی لاوازیی هێزی گۆڕانی زاری ناوەڕاستیشەوە بە ڕێژەیەکی کەمتر کاری لە قسەکردنی ئەم ناوچەیە کردووە و تایبەتمەندیی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، لە چاو ئەو کاریگەرییەی لە سەر شێوەزاری بابانی و گەرمیانی هەیبووە. ئەم هاوکێشەیە بۆ شێوەزارەکانی تری وەك (ئەردەلانی و موکری)یش ڕاستە، بە تایبەتی ئەمەی دواییان، کە لە شێوەزاری (سۆرانی)ەوە زۆر نزیکە.

یان بە شێوەیەکی تر ڕەنگە هەندێك لە پێکچوونەکان پەیوەندیی بە خێرایی و قۆناغی گۆڕانی زمانی کوردییەوە هەبێت، بەو پێیەی زاری ژووروو کەمتر لە زاری ناوەڕاست گۆڕاوە[١٤٧] و دەشگونجێت شێوەزاری سۆرانی کەمتر لە شێوەزارەکانی تری وەکو (بابانی و گەرمیانی) گۆڕابێت، چونکە لە کوردستاندا تا بەرەو باکوور بڕۆین ڕێژەی گۆڕانی زمان کەمتر و پاراویی زمانی کوردی زۆرتر هەست پێدەکەین[١٤٨]، واتە ((شێوەزارەکانی خوارەوە[١٤٩] پتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ئەگەر بەراوردیان بکەین لەگەڵ شێوەزارەکانی سەرەوەیاندا))[١٥٠]. لەلایەکی ترەوە ئەستەمە گۆڕان و گەشەی زمان لە هەموو ناوچەیەکدا وەکو یەك بێت[١٥١]. بۆیە دەشێت هەندێك دۆخ و دیاردەی زمانی لە ناو قسەپێکەرانی زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانیدا نەگۆڕابێت، بەڵام لە ناوچەی شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاستدا گۆڕابێت. لەسەر ئەو بنەمایەش گۆڕان لە شێوەزاری سۆرانیدا قۆناغێك(لە کات) لە زاری ژووروو نزیکترە، بۆیە ئاساییە ئەگەر پێکچوونی لەگەڵ ئەو زارەدا زۆرتربێت لە چاو شێوەزارەکانی تردا. بەتایبەتی لەو ناوچانەی زیاتر لە قسەپێکەرانی زاری

---

[١٤٤] بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەئەمین، زار و شێوەزار، لا١١-١٢.

[١٤٥] محمد معروف فتاح، زمانەوانی، لا١٥٥.

[١٤٦] چونکە گۆڕانی زمان هۆکاری سەرەکیی پەیدابوونی جیاوازیی زمانییە. بڕوانە: وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، لا١٦٦-١٧١.

[١٤٧] عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ، مێژووی شێوەزاری گەرمیانی، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە (١)، بەرگی(٥)، لا١٤.

[١٤٨] هەمان سەرچاوە، لا١٤.

[١٤٩] مەبەست باشوورە.

[١٥٠] عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسوڵ، مێژووی شێوەزاری گەرمیانی، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە (١)، بەرگی(٥)، لا١٤.

[١٥١] عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی(هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە)، نامەی ماستەر، لا٣٦

ژووررووەوە نـزیکن و ناوچەکەشیان کـەمێك سـەخترە، وەك ناوچـەی خۆشـناوەتی. ئـەو ناوچـەیە ((تیلمـە سـنوورێکی بـاریکی درێـژبووەوەی نێـوان ناوچـەی شـێوەزارەکانی بـاکور و باشـورە، بۆیـە لـە ئاخـاوتنی ئـەو ناوچەیەدا تێکەڵییەك لە نێوان دیالێکتی ناوەڕاست و باکور بەدی ئەکرێ))[١٥٢].

٢- کاریگەیی شەپۆلی زاری ژووری کەوتووەتە سەر. ئەمیش بەهۆی ئـەوەی ئـەم ناوچـەیە هاوسـنووورە لەگـەڵ زاری ژووروودا. لەلایەکی ترەوە پاراستنی زار لە زارە دراوسێیەکان دەوەستێتە سەر پەیوەندی و تێکەڵی لـە گەڵ ئەو زارانـەدا[١٥٣]، شێوەزاری سۆرانیش هەرچەندە لە ڕووی قسەکردنەوە سـەر بـە زاری ناوەڕاسـتە، بـەڵام بەهۆی ئەوەی هەر لە سەرەتای سەدەی پازدەهەمەوە تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە میرنشینێکی سەربەخۆ لە ناوچەی سۆراندا بە ناوی میرنشینی (سۆران) حـوکمی کـردووە[١٥٤]، وەك چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ میرنـشینێکی تری سەربەخۆی وەك (بابان)دا کـردووە، کـە مەڵبەندەکـەی ناوچـەی سـلێمانیی مەڵبەنـدی زاری ناوەڕاسـت بووە، ئاواش مامەڵە و پەیوەندیی لەگەڵ میرنشینی (بادینان)دا کردووە، کـە خـەڵکی ناوچـەکە قسـەپێکەری زاری ژووروون. هەروەها ململانێی نێـوان زارەکـان و ئەگـەری زاڵبـوونی یـەکێکیان پەیوەنـدیی بـە ژمـارەی قسەپێکەرانیشەوە هەیـە، بـەجۆرێك ئـەو زارەی ژمـارەی قسـەپێکەرانی زۆربێـت، زۆرتـر ئەگـەری زاڵبـوونی هەیە بەسەر ئەو زارەی، کە ژمارەی قسەپێکەرانی کەمە[١٥٥]. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە ژمارەی قسـەپێکەرانی زاری ژووروو زۆر زۆرترە لە هەموو قسەپێکەرانی زاری ناوەڕاست. بێگومان کاریگەرییەکـەش پـێش هـەموو شوێنێك لە ناوچەی زاری ناوەڕاست بۆ سەر شێوەزاری سۆرانی دەبێت.

## تەوەرەی دووەم: پێکچوونی دەنگی لە نێوان شێوەزاری سۆرانی و زاری ژوورووودا

فۆنیم بچووکترین یەکـەی زمانـە[١٥٦]، بۆیـە گـۆڕان و جیـاوازی نێـوان زار و شـێوەزارەکان لـە سـەر ئاسـتی ئـەم یەکەیە زۆرتـرە لەچاو جیـاوازیی ڕێزمـانی. واتـە ڕێـژەی جیـاوازیی نێـوان زار و شـێوەزارەکانی زمـان لـە ئاسـتی دەنگسازیدا زۆرترە لە ئاستەکانی تری وەك وشەسازی و ڕستەسـازی[١٥٧] و واتاسـازی، چـونکە ((ئـەم ئاسـتەی زمـان زیاتر لە ئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێ دەکرێت))[١٥٨]. بەگشتی جیاوازییە دەنگییەکان ڕێکخـراون و وەکـو دیـاردە دەچـنە ژێـر بـاری کۆمـەڵێك یاسـای دەنگییـەوە، وەك دەنگگـۆڕکێ، جێگـۆڕکێی فـۆنیم، سوان(تیاچوون)ی فۆنیم...هتد.

پێکچوونی نێوان زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانی و جیاوازیی لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست لە چەند فۆنیمێك و چەند دیاردەیەکی دەنگیدا دەبینرێت:

١- فۆنیمی (/ڵ/، /ل/، /ر/): فۆنیمی /ڵ/، لە هەموو شێوەزارەکانی زاری ناوەڕاسـتدا زۆر بـەکاردێت، جگـە لە شێوەزاری سـۆرانی، ئـەم فۆنیمـە لـە شـێوەزاری سـۆرانی و زاری ژوورووودا کـەم بـەکاردێت[١٥٩]. لـە زاری ژووروو زۆرجار ئـەم فۆنیمـە دەکرێـت بـە /ل/. هەرچـی قسـەپێکەرانی شـێوەزاری سـۆرانییە، بـەزۆری

---

[١٥٢] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ڕاناوە کەسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، لا٤٣.

[١٥٣] عەلی عەبدولواحید ئەلوافی، زانستی زمان، لا٢٠٠.

[١٥٤] قادر محەمەد پشدەری و ئەوانی تر، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان — بۆ پلۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، لا١٦١-١٦٩.

[١٥٥] عەلی عەبدولواحید ئەلوافی، زانستی زمان، لا٢٠١.

[١٥٦] محمد علي الخولي، مدخل الى علم اللغة، ص٧٦.

[١٥٧] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ فۆنیم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکوردا، لا٣٦٦.

[١٥٨] طالب حسین علی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، لا٤٤.

[١٥٩] صادق بهاء الدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی، لا١٠٣.

فۆنیمەکە دەگەن بە /ر/، ئەمەش ڕەنگە بەهۆی ئەوەوە بێت، کە هاوسنوورن لە گەڵ زاری ژووروودا و بەهۆی نزیکی و تێکەڵییەوە لەگەڵ قسەپێکەرانی زاری ژووروودا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو زارەوە، بۆیە لە سەرەتادا وەکو زاری ژووروو فۆنیمی /ڵ/یان کردووە بە /ل/، پاشان کردوویانە بە /ر/[١٦٠]. وەك لەم نموونانەدا دیارە:

| فۆنیم لە (ش.ن)[١٦١] | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| دڵ | دل | در |
| چێڵ | چێل | چێر |
| ماڵ | مال | مار |

٢- فۆنیمی (/ه/): ئەم فۆنیمە زۆرجار لە زاری ژووروو لە سەرەتا و کۆتایی هەندێك وشەدا دەردەکەوێت، کە لە زاری ناوەڕاستدا ئەو فۆنیمانەیان تێدا نییە. زۆرجار شێوەزاری سۆرانیش جیاواز لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست، بەتایبەتی لە سەرەتای وشەدا ئەم فۆنیمە دەردەکەوێت. بە دەرکەوتنی ئەم فۆنیمە لە سەرەتای وشە لەو زار و شێوەزارەدا یان جێی فۆنیمی /و/ی شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست دەگرێتەوە، یان پێویستیی هەمزە (ء) ناهێڵێت لەو وشانەدا، کە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست بە بزوێن دەستپێدەکەن. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ورچ | هرچ | هرس |
| ورد | هویر | هوورد |
| وشك | هشك | هیشك |
| ئەسپ | هەسپ | هەسپ |

٣- فۆنیمی (/د/): ئەسپێکتی (دە) زۆرجار لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا دەکرێت بە (ئە)، بەتایبەتی لە ئاخاوتندا، بەڵام لە شێوەزاری سۆرانیدا تەنیا (دە) بەکاردێت. هەرچی زاری ژوورووە (د، di) بەکاردێنن. واتە لە ئاستی فۆنیمی /د/دا شێوەزاری سۆرانی لە زاری ژووروو دەچێت، نەك شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست یان شێوەزاری سلێمانی، کە هەردووکیان سەر بە هەمان زارن. ئەمەش ڕەنگە پەیوەندیی بە ئاست و خێرایی گۆڕانەوە هەبێت و لەم ڕووەوە شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو لێك نزیکتربن، چونکە نووسەران و زمانەوانانی کورد ئەوەیان ساغ کردووەتەوە، کە (دە) ڕەسەنترە لە (ئە)[١٦٢]. ئەمانەی خوارەوە هەندێك نموونەی ئەم دەنگگۆڕکییەن:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ئەچم | دچم | دەچم |
| ئەنووسم | دنڤیسم | دەنووسم |

[١٦٠] کەسەر یاسین محەمەد، جیاوازیيا بەکارهینانا فۆنیمان د کوردییا سەری و ناڤەڕاستدا، لا٧٤.

[١٦١] لە لێکۆڵینەوەکەدا چەند کورتکراوەیەك هەیە، ش.ن= شێوەی نووشینی زاری ناوەڕست(ستاندەرد)، ز.ژ= زاری ژووروو، ش.س= شێوەزاری سۆرانی.

[١٦٢] دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، لا١٢.

٤- فۆنیمی /ع/: زۆرجار لە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانی لەو وشانەی، کە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست بە هەمزە دەستپێدەکەن، هەمزە لادەبرێت و فۆنیمی /ع/ دەخرێتە سەرەتاوە. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ئافەرین | عافەرین | عافەریم |
| ئاسمان | عاسمان | عاسمان |

٥- فۆنیمی (/و-W/، /ف/): لە نێوان زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا زۆرجار ئەم دوو فۆنیمە لەبری یەك بەکاردەهێنرێن. هەندێك جاریش (/ڤ/ و /م/)یش لەگەڵیاندا دەنگگۆڕکێ دەکات، وەك (دەم- دەو- دەڤ، ئەمە- ئەوە- ئەڤە...هتد). لە شێوەزاری سلێمانی یان شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا کۆمەڵێك وشە بەدیدەکرێت، کە نەبزوێنی /و/یان تێدایە و لە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانیدا لەبری ئەو فۆنیمە /ف/ بەکاردەهێنرێت. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| مزگەوت | مزگەفت | مزگەفت |
| ئەشکەوت | ئەشکەفت | ئەشکەفت |
| نەوت | نەفت | نەفت |
| حەوت | حەفت | حەفت |

٦- فۆنیمی (/و-W/، /ی-Y/): مۆرفیمی (و)ی ئاوەڵناوی کراو لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا دوای ئەوەی بکەوێتە دوای بزوێنەوە، وەکو نەبزوێن دەردەکەوێت. بەهۆی ئەوەی ئەم مۆرفیمە لە زاری ژووروودا (ی)ە، دوای ئەوەی (ی) جێگای (و)ی گرتەوە، بەهەمان شێوە دەبێت بە نەبزوێن(/ی-Y/). بەمەش دیاردەیەکی دەنگگۆڕکێ لەنێوان هەردوو زارەکە دەبینین، کە گۆڕینی /و-W/ە بۆ /ی-Y/. لێرەشدا شێوەزاری سۆرانیش هەمان پەیڕەوی دەنگیی زاری ژووروو دەکات. وەك/:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| سووتاو | سۆتی | سووتای |
| دڕاو | دڕیای | دڕای |

٧- فۆنیمی (/وو/، /ی/) زۆرجار لە زاری ژووروودا فۆنیمی /وو/ی شێوەزاری سلێمانی دەکرێت بە /ی/، ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری سۆرانیشدا هەیە. جاری وا هەیە فۆنیمەکە بەشێکە لە پێکهاتەی وشەی سادە، هەروەها هەموو ئەو وشانەش دەگرێتەوە، کە مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوی دەچێتە سەر و مۆرفیمەکە بەشێوەی /وو/ دەردەبڕدرێت. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| خانوو | خانی | خانی |
| دەزوو | دەزی | دەزی |
| تینوو | تێهنی | تێنی |
| مردوو | مری | مردی |

| | | |
|---|---|---|
| نووستوو/ خەوتوو | نقستی | نووستی |

٨- فۆنیمی (/ێ/، /ی/): زۆرجار لە زاری ژووروودا لەو وشانەی فۆنیمی /ێ/یان تێدایە و لە زاری ناوەڕاست بەکاردێن، بەتایبەتی شێوەی ستاندەر یان شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست، ئەوا وشەکان بەجۆرێك دەدرکێنن، کە ئەو فۆنیمە دەکەن بە /ی/. هەندێك جار شێوەزاری سۆرانیش پەیڕەوی هەمان گۆڕین دەکات. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| دەمرێت/ دەمرێ | ئەو دێمریت | دەمری |
| خوێن | خوین | خین |
| دەخوێنم | دخوینم | دەخینم |

٩- فۆنیمی (/ۆ/، /وو/): زۆر جار ئەو وشانەی فۆنیمی /ۆ/یان تێدایە لە زاری ژووروو بەجۆرێك گۆدەکرێن، کە ئەو فۆنیمە دەکەن بە /وو/، یان لە شێوەی (وی). لە شێوەزاری سۆرانیشدا /وو/ بەکاردێت. وەك:

| فۆنیم لە (ش.ن) | فۆنیم لە (ز.ژ) | فۆنیم لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ڕۆن | ڕوون/ ڕوین | ڕوون |
| ڕۆکردن | ڕووکرن/ ڕویکرن | ڕووکردن |
| ڕۆچوون | ڕووچوون | ڕووچوون |

یان بە پێچەوانەوە (سوور) لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست بەکاردێت، کەچی لە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانیدا دەبێتە (سۆر).

١٠- تیاچوونی فۆنیمی /و-W/: هەندێك جار لە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانی بە بەراورد لەگەڵ شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست فۆنیمی نەبزوێنی /و/ لە هەندێك وشەدا دەسوێنرێت. وەك:

| وشە لە (ش.ن) | وشە لە (ز.ژ) | وشە لە (ش.س) |
|---|---|---|
| چوار | چار | چار |
| خوێ | خێ | خێ |

## تەوەرەی سێیەم: پێکچوون لە وشەدارشتندا

ژمارەی وشەی سادەکان لە زماندا کەمن لەچاو وشە ناسادەکاندا. وشە ناسادەکان بە چەندین ڕێگا دروست دەکرێت، یەکێك لە ڕێگاکان (وشە داڕشتن)ە، کە بەرهەمەکەی کۆمەڵێك وشەی داڕێژراوە. ژمارەی مۆرفیمە وشەدارێژەکان لە زماندا زۆرترە لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان[١٦٣]، بەمەش توانایەکی زۆر بە زمان دەبەخشێت بۆ داڕشتنی ژمارەیەکی زۆری وشە. زمانی کوردی خاوەنی کۆمەڵێك یاسای تایبەت بە خۆیەتی، کە بەهۆی

[١٦٣] یووسف شەریف سەعید، وشەسازی، لا١٠٥.

كۆمەڵێك مۆرفیمی بەندی وشەدارێژەوە وشەی دارێژراو دروست دەکرێت[164]. بە وردبوونەوە لە زار و شێوەزارەکان، دەبینین، جگە لە ڕێژەیەکی زۆری پێکچوون، هەندێك جیاوازیش لەم بابەتەدا دەبینرێت. جیاوازییەکان لە ئاستی فۆرمی مۆرفیمەکان، یان ڕێژەی بەکارهێنان، یان جیاوازیی لە هەڵبژاردنی وشە سادەکان لەلایەن مۆرفیمە بەندەکانەوەیە.

لێرەدا ئەوەی هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، بەراوردکردن و بەیەکگرتنی مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکانی شێوەزاری سۆرانییە بەشێوە ئاخاوتنەکانییەوە (زیاتر جەخت لەسەر خۆشناوەتی کراوەتەوە) لەگەڵ شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست و زاری ژوورووی زمانی کوردی. لە ناو مۆرفیمە بەندە وشەدارێژەکانیشدا تەنیا باسی ئەو مۆرفیمانە دەکەین، کە شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو یەك پەیڕەویان هەیە و جیاوازن لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست.

مۆرفیمی وشەدارێژ هەمیشە واتای نوێ دروست دەکات و بەپێی شوێنیان دەبن بە چەند بەشێکەوە (پێشگر، ناوگر، پاشگر). لەو ڕووەوە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانی هەندێك پێکچوونیان هەیە، کە جیاوازە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست یان شێوەی ستاندەرد. وەك:

١- پێشگری(ڕۆ): ئەم مۆرفیمە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا دەچێتە پێش چاوگ/کارەوە و واتای نوێی پێ دەبەخشێت. مۆرفیمی (ڕۆ) لە ڕووی واتاوە ((واتای نزم بوونەوە بەرەو ژێر دەگەیەنێت ))[165]. ئەم پێشگرە لە زاری ژوورو و شێوەزاری سۆرانیشدا هەمان ئەرك دەبینێت، بەڵام لەڕووی فۆرمەوە جیاوازە و شێوەکەی دەگۆڕێت بۆ (ڕوو). وەك:

| پێشگر لە (ش.ن) | پێشگر لە (ز.ژ) | پێشگر لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ڕۆکردن | ڕووکرن | ڕووکردن |
| ڕۆچوون | ڕووچوون | ڕووچوون |

٢- پاشگری (ەوە،ڤە)، پێشگری (وە، ڤە): لە شێوەزاری سلێمانیدا (ەوە) جگە لەوەی چەمکی دووپاتی دەگەیەنێت، دەتوانێت وەکو پاشگر ببێتە مۆرفیمێکی وشەدارێژ و واتایەکی نوێ بێنێتە ئاراوە، وەك (خواردنەوە، کردنەوە...هتد). لە زاری ژووروودا جگە لەوەی فۆنیمی /و-W/ دەبێتە /ڤ/، زۆرجار مۆرفیمەکە دێتە پێشەوە و دەبێتە پێشگر. بەمەش ((هیچ لە ناوەرۆکەکە ناگۆڕێ، تەنیا ئەوە نەبێ پێویستی بە (ە)ی مۆرفیمی بەستن نامێنێت))[166]. بۆیە فۆرمی مۆرفیمەکە دەبێتە (ڤە). لە شێوەزاری سۆرانی بەتایبەتی لە شێوەی ئاخاوتنی خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوە لەبری پاشگری (ەوە) پێشگری (وە) بەکاردەهێنرێت. وەك لەم نموونانەدا دیارە:

| وشەی دارێژراو لە (ش.ن) | وشەی دارێژراو لە (ز.ژ) | وشەی دارێژراو لە (ش.س) |
|---|---|---|
| کردنەوە | ڤەکرن | وەکردن |
| شاردنەوە | ڤەشارتن | وەشاردن |

[164] بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، ١٩٨٧.

[165] محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، ل٧٤.

[166] عەبدوڵلا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، ل١٤١.

٣- پاشگری (گەر): ئەم پاشگرە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا دەچێتە سەر ناو و پیشەی پێ دیاردەکرێت[١٦٧]. لە زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانیدا ئەم پاشگرە بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، بەڵام فۆرمەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت و دەبێت بە (گر)[١٦٨]. وەك:

| پاشگر لە (ش.ن) | پاشگر لە (ز.ژ) | پاشگر لە (ش.س) |
|---|---|---|
| ئاسنگەر | ئاسنگر | ئاسنگر |
| مسگەر | مسگر | مسگر |

٤- پاشگری (اتی): ئەم مۆرفیمە لە زاری ژووروودا ناوی داڕێژراو دروست دەکات[١٦٩]، بەڵام ئەگەر بەراوردی هەندێك لە وشە بەرهەمهاتووەکان بکەین، دەبین لە شێوەزاری سلێمانیدا ئەو وشانە (کە هەمان بنەڕەت و چەمکیان هەیە) بە مۆرفیمی بەندی تری وەك (ایەتی، ێنی، ێتی...) دروست دەکرێن. هەرچی شێوەزاری سۆرانییە، لەو نموونانەدا پەیڕەوی هەمان یاسای زاری ژووروو دەکات. وەك لەم نموونانەدا دیارە:

| وشەی داڕێژراو لە (ز.ژ)[١٧٠] و (ش.س) | مۆرفیمی وشەداڕێژ | وشەی داڕێژراو لە (ش.ن) | مۆرفیمی وشەداڕێژ |
|---|---|---|---|
| مرۆڤاتی | اتی | مرۆڤایەتی | ایەتی |
| هشکاتی/هیشکاتی | اتی | وشکایی/ وشکانی | ایی/ انی |
| کچاتی | اتی | کچێنی | ێنی |
| سەوزاتی | اتی | سەوزایی | ایی |
| گەرماتی | اتی | گەرمایەتی/ گەرمی | ایەتی/ ی |

٥- مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو: لە شێوەزاری سلێمانی یان شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا (و) مۆرفیمی ئەوەڵناوی کراوە[١٧١] و دەچێتە سەر (ڕەگی ڕابردوو – قەد)ی کار و ئاوەڵناوی کراو دروست دەکات، کە وشەیەکی ناسادەیە، بەڵام لە زاری ژووروودا (ی) ئەو ڕۆڵە دەبینێت، لە شێوەزاری سۆرانیشدا بە هەمان شێوەی زاری ژووروو (ی) مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراوە نەك (و). وەك:

| ئاوەڵناوی کراو لە (ش.ن) | ئاوەڵناوی کراو لە (ز.ژ) | ئاوەڵناوی کراو لە (ش.س) |
|---|---|---|
| مردوو | مری | مردی |
| سووتاو | سۆتی | سووتای |

[١٦٧] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان، ل٥١٧.

[١٦٨] فۆرمی (گر) لە زاری ناوەڕاستدا ڕەگی (گرتن)ە و دەچێتە سەر ناوی سادە و ناوی لێکدراوی لێ بەرهەم دێت. بەهەمان شێوەش پیشە دەگەیەنێت. وەك: باجگر.

[١٦٩] حیکمەت ڕەسول ئەحمەد، ناوی داڕێژراو و گرێی ناوی لە دیالێکتی سەروو و ناوەڕاستدا، ل٤٢.

[١٧٠] هەمان سەرچاوە، ل٤٢.

[١٧١] عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، ل١٤٦.

٦- مۆرفیمی (انێ، ێن): ئەم دوو مۆرفیمە وشەدارێژە بەرامبەر بە یەك دەوەستن، یەكەمیان لە زاری ژووروو بەكاردێت و دووەمیان لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست[١٧٢]. ئەم مۆرفیمانە دەچنە سەر ناوی سادە و ناوی دارێژراو دروست دەكەن. شێوەزاری سۆرانی وەكو زاری ژووروو فۆرمی یەكەم بەكاردەهێنێت. وەك:

| پاشگر لە (ش.ن) | پاشگر لە (ز.ژ) | پاشگر لە (ش.س) |
|---|---|---|
| هەڵماتێن | ماتكانێ | كەلایانێ |
| تۆپێن | تەپكانێ | تۆپانێ |

٧- هەندێك پێشگر، كە بە ناسادە دانراون و لە پێشگرەكانی (تێ، پێ، لێ، ژێ) و هەندێك پاشبەندی وەك (دا، ڕا، وەر، ڤە، ڤی) دروستبوونە و لە زاری ژووروودا چاوگی دارێژراو دروست دەكەن[١٧٣]. شێوەزاری سۆرانی هەندێك لەو جۆرە چاوگانە بەكاردەهێنێت، كە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا بە پێشگرێكی سادە یان فۆرمێكی تر بە هەمان كار بە هەمان واتا دادەڕێژرێت. وەك:

| كاری دارێژراو لە (ز.ژ)[١٧٤] و (ش.س) | مۆرفیمی وشەدارێژ | كاری دارێژراو لە (ش.ن) | مۆرفیمی وشەدارێژ |
|---|---|---|---|
| پێوەركردن | پێوەر | پێوەكردن | پێوە |
| تێڕاكردن | تێڕا | تێكردن | تێ |
| تێڕاچوون | تێڕا | تێچوون | تێ |

## تەوەری چوارەم: پێكچوون لە مۆرفیمە ڕێزمانییەكاندا

لەزمانی كوردیدا هەندێك جار (نیشانە[١٧٥])ی ڕێزمانی لەبریی مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی بەكاردەهێنرێت، وەك (نیشانەی ناسراوی، نیشانەی كۆ...). مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی ((دەچێتە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی نێوان ئەم وشەیە و وشەكانی تر لەناو چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا ))[١٧٦]. وەك مۆرفیمەكانی (ڕەگەز، ناسراوی و نەناسراوی، كۆ،...هتد). لە نێوان زار و شێوەزارەكانی زمانی كوردیدا سەرەڕای پێكچوون، هەندێك جیاوازیی لە فۆرم یان سیستەمی كاركردنی هەندێك لەم مۆرفیمانەدا هەیە. جیاوازییەكانیش لە زارێكەوە بۆ زارێك یان لە شێوەزارێكەوە بۆ شێوەزارێكی تر جیاوازە. زاری ژووروو و شێوەزاری سۆرانی لە ئاستی هەندێك لەم مۆرفیمانەدا هەندێك پێكچوون و هاوبەشیی وایان هەیە، كە جیاوازە لە شێوەزاری سلێمانی یان شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست، لەوانە:

أ- **مۆرفیمی ڕەگەز:** بوونی نیشانەی تایبەت بە ڕەگەز تا ڕادەیەكی زۆر ڕەسەنایەتی نیشان دەدات لە زمانی كوردی و زۆربەی زمانەكانی تردا، چونكە لە زمانە ئێرانییە دێرینەكان (ئاڤێستا و فارسی كۆن)دا ناو بەپێی ڕەگەز گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەپێی جیاوازیی ڕەگەز یاسای مۆرفۆلۆجیی جیاوازیی هەبووە[١٧٧]. بەڵام

---

[١٧٢] صادق بهاءالدین ئامێدی، ڕێزمانا كوردی، لا١٥٦.

[١٧٣] سەلوا فەریق سالح، كاری دارێژراو لە نێوان كوردی (دیالێكتی ژووروو) و فارسیدا، لا٢١-٢٢.

[١٧٤] حیكمەت ڕەسول ئەحمەد، ناوی دارێژراو و گرێی ناوی لە دیالێكتی سەروو و ناوەڕاستدا، لا٤٢.

[١٧٥] بڕوانە: لێژنەی زمان و زانستەكان لە كۆڕی زانیاری كوردستان، ڕێزمانی ئاخاوتنی كوردی، لا٢٩١.

[١٧٦] كەوسەر عزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی كوردی، لا٢٨.

[١٧٧] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم، ناو، ، لا١٦٥.

بەهۆی گۆڕانی زمانەوە ئەم دۆخە لە هەندێك لە زمانەکاندا بەرەو نەمان دەچێت. بەم پێیە زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە لەسەرەتادا ئەم دیاردەیەی تێدا هەبووە و ئێستا لەناو هەندێك لە زار و شێوەزارەکاندا نەماوە، یان بەکەمی هەستی پێ دەکرێت، بەتایبەتی لە ناو ئەو زارانەی، کە زۆرتر گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وەك شێوەزاری گەرمیانی[١٧٨] و سلێمانیی زاری ناوەڕاست. بەڵام تا ئێستاش ڕەگەز ((وەك حالەتێکی زیندوو لە... دیالێکتی ژوورو و هەندێك لە بەشە دیالێکتی خوارووی[١٧٩] کوردیدا خۆی دەنوێنێ))[١٨٠]. بە شێوەیەکی گشتی نیشانەی ڕەگەز لەزمانی نوسینی ئەمڕۆی کوردیدا نەماوە و بەرەو لەناوچوون چووە، بەڵام لە هەندێك شێوەزاری سەر بەم زارە نیشانەی ڕەگەز هەیە. وەك شێوەزاری سۆرانی و بەتایبەتیش لەو ناوچانەی ئەم شێوەزارەدا، کە هاوسنوورن لەگەڵ زاری ژوورووودا، وەك ناوچەی خۆشناوەتی.

لە زاری ژوورووودا ناو بەپێی ئەودۆخەی تێیدەکەوێت نیشانەکانی نێر و مێی تایبەتی بۆ بەکاردێت. وەك:

١- دۆخی بانگکردن: لەزاری ژوورودا ناو لەدۆخی بانگکردندا بەپێی ڕەگەز نیشانەی جیاواز وەردەگرێت[١٨١]، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- (ۆ) بۆ تاکی نێر: کوڕۆ، گەلۆ، بابۆ، مامۆ...
- (ێ) بۆ تاکی مێ: دایێ، کیژێ، ژنێ ...

لە شێوەزاری سلێمانیی زاری ناوەڕاستدا (ە) بۆ نێر و (ێ) بە هەمان شێوەی زاری ژوورووو بۆ مێ بەکاردێت، وەك (کورە، کچێ). هەروەها لە ناوچەی (هەولێر)ی شێوەزاری سۆرانیشدا بەهەمان شێوەی شێوەزاری سلێمانییە. بەڵام لە شێوەی قسەکردنی خۆشناوەتیدا نیشانەی ڕەگەز بەهەمان شێوەی زاری ژوورووە. سەرەڕای ئەوەی ئەم شێوە ئاخاوتنە سەربە شێوەزاری سۆرانیی زاری ناوەڕاستە، وەك لێرەدا دیارە:

- (ۆ) بۆ تاکی نێر: بابۆ، مامۆ... لە خۆشناوەتیدا
- (ێ) بۆ تاکی مێ: پوورێ، کیژێ...

٢- دۆخی خستنەسەر: لە دۆخی خستنەسەردا کاتێك کەرەستە ڕێزمانییەکان دەخرێنە پاڵ یەکتری، بەهۆی چەند نیشانەیەکەوە لێك دەدرێن. ئەم نیشانانەش بەپێی ڕەگەز و ژمارە و ناسراوی و نەناسراوی جیاواز دەبن. ئەوەی زیاتر جێگای مەبەستی ئێمەیە نیشانەی (ڕەگەز)ە لە دۆخی خستنەسەردا، کە لە زاری ژوورووو بۆ ناوی تاك ئەم نیشانانە بەکاردەهێنرێت[١٨٢]:

- (ێ) بۆ تاکی نێر: <u>کوڕێ</u> من
- (ا) بۆ تاکی مێ: <u>کچا</u> من

لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست و ناوچەی هەولێری شێوەزاری سۆرانیدا بەزۆری (ی) ئەو ڕۆڵە دەبینێت بۆ ناوی تاکی نێر و مێ، تەنانەت بۆ ناوی (کۆ)ش. ئەگەر ناوەکە ناسراو بوو (ە) ئەو ڕۆڵە دەبینێت[١٨٣]. شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی هەمان شێوەی زاری ژوورو پەیڕەو دەکات، کە (( ئەگەر ناوەدیارخراوەکە ڕەگەزی

---

[١٧٨] عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، <u>مێژووی شێوەزاری گەرمیان</u>، لا٢٠.

[١٧٩] مەبەست زاری ناوەڕاستە.

[١٨٠] ئەورەحمانی حاجی مارف، <u>ڕێزمانی کوردی</u>، بەرگی یەکەم، ، ناو، لا١٦٦

[١٨١] بڕوانە: سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب، <u>مۆرفیمێن ڕێزمانییێن کوردیا سەری (گۆڤەرا بادینان)</u>، لا٦٥.

[١٨٢] بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد، <u>فرێزی کاری و فرێزی ناوی لە کرمانجی ژووروودا</u>، لا٥.

[١٨٣] ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، <u>هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی</u>، لا١٤.

نێر بوو ئەوا نیشانەی دۆخی خستنەسەر دەبێتە (ێ)... وە ئەگەر ناوە دیارخراوەکە مێ بوو ئەوانیشانەی ڕێزمانی دۆخی خستنەسەر لەم شێوەزارەدا دەبێتە (ا) ))[١٨٤]. وەك:

برایێ من هات.

براژنا من هات.

٣- دۆخی بەرکاری: بەگشتی ((لە زاری کرمانجیی سەروو تا ڕێژەیەکی بەرچاو نیشانەکانی دۆخ ماون و لە شێوەزاری هەولێر کەمتر و شێوەزاری سلێمانی بەتەواوی لەناوچووە))[١٨٥]. لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا ناو ئەگەر ئەرکی بەرکاری ڕاستەوخۆ ببینێت بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە دۆخەوە. بەواتای ئەوەی بۆ دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی نییە تاوەکو ئەم دۆخە جیا بکاتەوە [١٨٦].

نموونە: کوڕەکە هات(بکەر)، من کوڕەکە دەبینم(بەرکار)...

لە زاری ژووروودا ناوەکان لە دۆخی بەرکاریدا بەپێی ڕەگەز نیشانە وەردەگرن، بە جۆرێك ((کاتێك لە دۆخی تیاندا بە واتای مێ دێن، ئەوە نیشانەی (ێ)یان دەچێتە سەر، خۆ ئەگەر بە واتای نێر بێن، ئەو دەم نیشانەی (ی) یان پێوە دەلکێت ))[١٨٧]. بۆ نموونە:

ئەزێ بەرخێ کرِم (من بەرخی (مێ) دەکرِم)

ئەزێ بەرخی کرِم (من بەرخی (نێر) دەکرِم)

لە شێوەزاری سۆرانیدا بە هەمان شێوەی زاری ژووروو نیشانەی دۆخی بەرکاری هەستی پێدەکرێت. لەم شێوەزارەدا بەتایبەتی تر لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا، کە لە ڕووی جوگرافییەوە لە زاری ژووروو نزیکە، نیشانەی دۆخی بەرکاری هەیە، کە بەپێی ڕەگەزی ناوەکە جیاوازە. نیشانەکانیش لە شێوە ئاخاوتنەکەدا هەمان نیشانەی زاری ژووروون، چونکە لێرەشدا ((ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕانەبردووی تێپەڕ یان داخوازی تێپەڕ بێت... لەم حالەتەشدا ئەگەر بەرکار ڕەگەزی نێر بوو، ئەوا نیشانەی (ی) و ئەگەر ڕەگەزی مێ بوو، ئەوا نیشانەی (ێ) وەردەگرێت)) [١٨٨]. وەك:

ئەتو چێرێ دۆشی، ئەتو هەسپی دەکرِی

ئەتوو کوڕی بنێرە داران، ئەتو کچێ بنێرە چیلکان.

بەم پێیە لەدۆخی بەرکاریدا لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیدا، ناو بۆ ڕەگەزی نێر نیشانەی(ی) و بۆ مێ نیشانەی (ێ) وەردەگرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی هەرچەندە سەر بە زاری ناوەڕاستە، بەڵام لەم بارەدا پەیڕەوی یاسایەکی زاری ژووورووی کردووە.

٤- دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ: بە شێوەیەکی گشتی ئەم دۆخە لەزمانی کوردیدا بەهۆی پریپۆزیشنەوە دروست دەبێت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجی ئێمەیە ئەو ناوەیە کە لەدوای پریپۆزیشنەکەوە دێت و دەکەوێتە دۆخی ناڕاستەوخۆوە. ناوەکەش کاتێك دەکەوێتە ئەم دۆخەوە، لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا لەڕووی ڕەگەزەوە یان بەپێی ئەرکەکەی هیچ جیاوازییەکی تێدا نابینرێت. بەڵام لە هەندێ شێوەزار و گۆڤەری سەر

[١٨٤] نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی،ل٩٤.

[١٨٥] سەباح ڕەشید قادر، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، ل٧٤.

[١٨٦] ك. ك.کوردۆیێف، ڕێزمانی کوردی بە کەرستەی کرمانجی و سۆرانی، ل٧٥.

[١٨٧] ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، ناو، ١٨٣.

[١٨٨] بروانە: نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، ل٩٠.

بەم زارە و زاری ژووروودا، ناو کە دەکەوێتە دۆخی ناڕاستەوخۆوە بەپێی جیاوازیی ڕەگەز نیشانەی جیاواز وەردەگرێت. بەم شێوەیە:

لە زاری ژووروودا لە دۆخی بەرکاری ناراستەوخۆ ناو بەپێی جیاوازی ڕەگەز نیشانەی جیاواز وەردەگرێت. بەم شێوەیە:

ناو لە دۆخی ناراستەوخۆدا بۆ تاکی نێر (ی) و بۆ تاکی مێ (ێ) وەردەگرێت. بۆ نموونە:

- بۆ ئازادی بینە.
- بۆ نەسرینێ بینە.

لە شێوەزاری سۆرانیدا بەهەمان شێوەی زاری ژووروو لە دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ و دەستپێکدا بۆ ڕەگەزی نێر (ی) و بۆ مێ (ێ) بەکاردێت. وەك (بۆ دۆخی ناڕاستەوخۆ):

- نامەکەم لۆ ئازادی نارد.
- نامە کەم لۆ نەسرینێ نارد.

ئەم یاسایە بە سەر ئەو ناوانەشدا جێبەجێ دەکرێت، کە لە شێوەزاری سلێمانیدا بە بێلایەن دانراون. وەك:

- نامەکەم لۆ شاری نارد.
- نامەکەم لۆ هەولێرێ نارد.

جگە لەمەی سەرەوە دۆخێکی تر هەستی پێدەکرێت کە هەندێك لە سەرچاوەکان بە دۆخی (دەستپێك)[189] ناوی دەبەن، لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا بەهۆی ئامرازی (لە ... دوە) دادەڕێژرێت، بەڵام لە زاری ژووروو بەهۆی (ژ ...ڕا) و لە شێوەزاری سۆرانیدا بەهۆی (لە ...ڕا) دادەڕێژرێت. وەك:

- ژ گوندی ڕا هاتم.
- ژ هەڤلێرێ ڕا هاتم.

هەروەها لە شێوەزاری سۆرانیش لە دۆخی دەستپێکدا ناو بۆ تاکی نێر (ی) و بۆ تاکی مێ (ێ) وەردەگرێت. بۆ نموونە:

- بۆتاکی نێر (ی) - لە شاری ڕا هاتم.
- بۆ تاکی مێ (ێ) - لە هەولێرێ ڕا هاتم.

ب- **مۆرفیمی ناسراوی**: لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمی سەرەکیی ناسراوی بریتییە لە (ەکە). هەروەها بەپێی ئەو ژینگە دەنگییەی تێیدا دەردەکەوێت، چەند قالبێك یان چەند ئەلۆمۆرفێکی هەیە، وەك (ەکە، ەك، کە، ك، یەکە، یەك). بەڵام مۆرفیمی ناسراوی لە زاری ژووروودا ((بە هیچ چەشنێك نییە))[190]. لەم زارەدا هیچ نیشانەیەکی تایبەت بە کۆتایی ناوەوە نالکێت بۆ ئەوەی بیناسێنێت، بەم پێیە ((دەتوانین بڵێین کە مۆرفیمی ناسراوی لە شێوەی ژووروودا مۆرفیمی Ø ))[191]ە. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی زاری ژوورووی زمانی کوردی ئەوەیە، کە ناو لە باری ڕەسەنی خۆیدا ناسراوە[192]. جگە

[189] نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، لا٩٥.

[190] ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، ناو، لا٢٠٠.

[191] ڤیان سلێمان حاجی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، لا٤١.

[192] بڕوانە: سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب، مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کوردیا سەری (گۆڤەرا بادینان)،لا٤٤.

لەوەش بە ڕێگای تر ناو دەگرێت بە ناسراو، وەك بەهۆی (ئەوەڵناوی نیشانە[193]، پاڕستەی دیارخەری...). بۆ نموونە: ڤی کوڕی، (ڤی کوڕی، کو مە دوهی دیتی، خارزایێ منە) ...

لەم ڕووەوە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی شێوەزاری سۆرانی زیاتر لە زاری سەرووەوە نزیکە، چونکە ((لەم شێوەیەدا بۆ ناساندنی ناو مۆرفیمی (ەکە) ی ناسیاوی نییە، هەر بۆیەش بۆ ناساندنی ناو چەند دۆخێك جێبەجێ دەکرێت... بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە))[194]. وەك:

- ئەوی کوڕەی (کوڕەکە)
- ئەویٚ کیژێ ( کچەکە)

ج- **مۆرفیمی نەناسراوی:** ئەم مۆرفیمە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا بریتییە لە (( (ێك)، (ێ) و دەچێتە سەر ناوێك ... چەمکی نەناسیاوی دەگەیەنێت ))[195]. وەك:

- پیاو پیاوێك پیاوێ

بەڵام لە زاری ژووروی زمانی کوردیدا هەردوو شێوەی (ەك، ك) بەکۆتایی ناوەوە دەلکێن بۆ ئەوەی بیکەن بە نەناسراو[196].

- خەبەر خەبەرەك
- ئاغا ئاغاك

هەروەها لە شێوەزاری سۆرانی و شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی بە هیچ شێوەیەك (ێك، ێ) بەکارنایەت بۆ نەناسراوی، بەڵکوبەهۆی نیشانەی (ەك) ناو دەکریت بە نەناسراو.وەك:

- پیاو پیاوەك

د- **مۆرفیمی کۆ:** لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمی سەرەکیی کۆکردنەوە (ان)ە، کە دەچێتە سەر ناو و دەیکات بە کۆ. هەروەها هەندێك فۆرمی تر ئەرکی کۆکردنەوە بەجێ دەگەیەنن، وەك (هات،جات،ات،گەل...)[197]. وەك (کوڕان، ماڵان، کوڕگەل...هتد).

لە زاری ژووروشدا بەهەمان شێوە مۆرفیمی سەرەکی کۆکردنەوە بریتییە لە (ان)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە جۆری کار و ئەو ئەرکەی ناوەکە دەیبینێت لە ڕستەدا کاریگەریان هەیە لەسەر شێوازی کۆکردنەوەکەدا. ئەم بارە لە شێوەزاری سۆرانی بەگشتی و شێوەی ئاخاوتنی خۆشناوەتیی شێوەزارەکەشدا هەیە. وەك لەم بارانەدا:

١-لەزاری ژوورودا ((ئەگەر ناوەکە لە ئەرکی بکەردا بێت و کاری ڕستەکەش تێنەپەڕ بێت ئەوا ناوەکە...هیچ مۆرفیمێکی تایبەت بە کۆی ناچێتە سەر ))[198]. وەك:

- بچیك نڤستن

---

[193] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، ناو، ل٢٠٠٧-٢٠١.

[194] بڕوانە: نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، ل٣٣.

[195] عەبدولواحید موشیر دزەیی، زارە کوردییەکان ، ل٧٦.

[196] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، ناو، ١١٠.

[197] بڕوانە: محمد معروف فتاح، زمانەوانی، ل٨٢.

[198] بڕوانە: حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژوورودا، ل١١٧.

شێوەزاری سۆرانی و شێوەی خۆشناوەتیش لەم بارەدا بە زاری ژووروو دەچن، چونکە لەوێشدا بۆ کۆکردنەوەی ناو لە ئەرکی بکەردا ((ئەگەر هات و ناوەکە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەر بەکارهات ئەوا لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی کۆکردنەوەی (ان) دەرناکەوێت ))[199]. وەك:

– مندار نوستن

جگە لەوە لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا لە زاری ژووروو و شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی، لە کاتی ئێستا و داهاتووشدا نیشانەی کۆ دەرناکەوێت، بەڵکو جێناوی کەسی سێیەمی کۆ دەچێتە کۆتایی کارەکە و بەمە دەزانرێ کە ناوەکە کۆیە، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دیارە:

| کات | زاری ژووروو | شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی |
|---|---|---|
| ڕابردوو | مێر نڤستن | پیاو نوستن |
| ئێستا | مێر دنڤن | پیاوئا نوون |
| داهاتوو | مێر دێ نڤن | پیاوە نوون |

٢-لە زاری ژووروودا ناو لە ئەرکی بکەری لەگەڵ کاری تێپەردا ((لە ڕابردوودا مۆرفیمی (ان)ی کۆی دەچێتە سەر و لە داهاتوو و ئێستادا ناوەکە هیچ مۆرفیمێکی ناچێتەسەر و واتای کۆش دەگەیەنێت))[200]. هەرچی بەرکاریشە ((لە ڕابردوودا مۆرفیمی (ان)ی کۆی ناچێتە سەر و واتای کۆش دەدات))[201]، لە داهاتووشدا بە نیشانەی (ان) کۆدەکرێتەوە. وەك:

– مێران کەڤر[202] بڕین
– مێر کەڤران دبڕن
– مێر دێ کەڤران بڕن

بەهەمان شێوە ئەمەی سەرەوە لە شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتیی شێوەزاری سۆرانیشدا پەیڕەودەکرێت. نموونە:

– پیاوان دار بڕین.
– پیاو ئا دارانەبڕن.
– پیاو دارانەبڕن.

## تەوەرەی پێنجەم: پێکچوون لەفۆرم و ئەرکی جێناودا

### یەکەم: جێناوی کەسی سەربەخۆ

لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا یەك دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە، کە بریتین لە (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان). هەر ئەو دەستەیەش هەموو ئەرکەکان دەبینێت لە ڕستەدا (بکەر، بەرکار، دیارخەر...)، بەڵام لە زاری ژووروودا دوو دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە. دەستەی یەکەم لەگەڵ کاری (ڕانەبردووی تێپەڕ، ڕانەبردووی تێنەپەڕ، ڕابردووی تێنەپەڕ)دا ڕۆڵی بکەر دەبینێت، بۆیە دەشێت ناوی بنێین (دەستەی بکەری)، بەڵام دەستەی دووەم تەنیا لەگەڵ کاری (ڕابردووی تێپەڕ)دا دەبێت بە بکەر، سەرەڕای ئەوەش تەنیا

[199] نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، ل٣٩٧.
[200] حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، ل١١٧.
[201] هەمان سەرچاوە ل١١٧.
[202] کەڤر= بەردی گەورە، شاخ.

ئـەم دەسـتەیە دەتوانێـت ببێتـە بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و دیارخـەر، بۆیـە بـەم دەسـتەیەیان دەڵـێین (دەسـتەی دیارخەری)[٢٠٣].

| جێناوی سەربەخۆ لە (ز.ژ) | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | کەس | دەستەی بکەری | نموونە | دەستەی دیارخەری | نموونە |
| تاك | ١ | ئەز | ئەز دهێم، ئەز دێ بەم، ئەز هاتم، تە ئەز گرتم... | من | من نان خار، بۆ من بینە، مالا من... |
| | ٢ | توو | | تە | |
| | ٣ | ئەو | | وی/وێ[٢٠٤] | |
| کۆ | ١ | ئەم | | مە | |
| | ٢ | هـوون/ هوین/ هنگ | | وە | |
| | ٣ | ئەو | | وان | |

هەروەها لە شێوەزاری سۆرانیشدا[٢٠٥] بە هەمان شێوەی زاری ژووروو دوو دەستە جێناو هەیە، کە ئەمانەن:

| | جێناوی سەربەخۆ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | کەس | دەستەی بکەری | نموونە | دەستەی دیارخەری | نموونە |
| تاك | ١ | ئەمن | ئـەمن دێـم، ئـەمن هـاتم، ئـەمن نـانی دەخـۆم، ئـەمن نانم خورد... | من | خۆ لۆ من ئیشی ناکەی؟ بابی من/توو/ئەو/ مە/ نگۆ/وان... |
| | ٢ | ئەتوو | | توو | |
| | ٣ | ئەو | | وی | |
| کۆ | ١ | ئەمە | | مە | |
| | ٢ | ئەنگۆ | | ئەنگۆ/نگۆ | |
| | ٣ | ئەوان | | وان | |

بەگشـتی جیـاوازیی فـۆرمی ئـەم دوو دەسـتەیە لـە بڕگـەی (ئە)دایـە، کـە لـە پێکهاتـەی هـەر شـەش جێناوەکـەی دەستەی یەکەمدا هەیە و لەوانەی دەستەی دووەمدا نییە، جگە لە جێناوی کەسـی دووەمـی کۆ، کـە لـە دەسـتەی دووەمیشدا هەندێك جار دەگوترێت (ئەنگۆ). لەڕووی ئەرك و سیستەمی کارکردنیانەوە جیاوازن لە یەکتری و بە هەمان شێوەی زاری ژوورووش کارناکەن، بە گشتی جیاوازیی شێوەزارەکە لەم بارانەدایە:

١- لە سۆرانیدا دەستەی یەکەم(بکەری) هەموو کات دەبێت بە بکەر، هەروەها بـەرکار لـە کـاری تێپـەڕدا، بـەڵام لـە زاری ژووروودا دەسـتەی بکـەری لەگـەڵ کـاری (ڕابـردووی تێنەپـەڕ، ڕانـەبردووی تێپـەڕ، ڕانەبردووی تێنەپەڕ)دا دەبێتە بکەر و تەنیا لە کاری ڕابـردووی تێپـەڕدا دەبێـت بـە بـەرکار. وەك: لـە

[٢٠٣] بڕوانە: صادق بهاء الدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی، لا٢٠٣-٢٣٢.

[٢٠٤] هەندێك پێیان وایە، (و) جێناوەکەیە و (ی) مۆرفیمی ڕەگەزی نێرە و (ێ) مۆرفیمی ڕەگەزی مێیە. بڕوانە: عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی بوون و هەبوون، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

[٢٠٥] شێوەئاخاوتنی (خۆشناوەتی)ش، کە شێوەخاوتنێکی شێوەزاری سۆرانی-یە، تا ڕادەیەکی زۆر لەم ڕووەوە لە شێوە گشتییەکەی (سۆرانی) دەچێت، کە چەقەکەی (هەولێر)ە، سەرەڕای هەندێك تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان. بۆ زانیاری بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول، ڕاناوە کەسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، گۆڤاری (زانکۆ)ی زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠٠٠، لا٤٣-٦٥.

سۆرانیدا (ئەمن هاتم، ئەمن دێم، ئەمن نانی دەخۆم، ئەمن نانم خوارد)، لە ژووروودا (ئەز هاتم، ئەز دهێم، ئەز نانی دێ خۆم، ئەز نان خار*).

٢- لە زاری ژووروودا هەردوو دەستەکە دەتوانن ببن بە بەرکار، بەڵام لە شێوەزاری سۆرانیدا دەستەی دووەم(دیارخەری) نابێتە بەرکار. وەك: لە سۆرانیدا (ئەتوو ئەمن دەکوژی، ئەتوو من دەکوژی*) لە ژووروودا (ئەز تە دبینم، من توو دیتی).

٣- لە زاری ژووروودا دەستەی دووەم (دیارخەری) لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا دەتوانێت ببێتە بکەر، بەڵام لە شێوەزاری سۆرانیدا ئەو دەستەیە ڕۆڵی بکەر نابینن. وەك: وی نان خار(ز.ژ)، وی نانی خوارد*(ش.ن).

٤- لە شێوەزارەکەدا لەگەڵ (بوون) و (هەبوون)یشدا هەر دەستەی بکەری بەکاردێت، وەك (ئەمن بووم، ئەمن پارەم هەیە)، بەڵام لە زاری ژووروودا لەگەڵ (بوون)دا دەستەی بکەری و لەگەڵ (هەبوون)دا دەستەی دیارخەری بەکاردێت[٢٠٦]، وەك (ئەز بووم، من پارە هەیە).

٥- لە زاری ژووروودا جێناوی (وی) لە دەستەی دیارخەریدا تەنیا بۆ (نێر) بەکاردێت، بۆ (مێ) جێناوی (وێ) بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزارەکەدا تەنیا (وی) بەکاردێت بۆ نێر و مێ. وەك: وی نان خار(نێر)، وێ نان خار(مێ)... (ز.ژ)، بابی وی(نێر و مێ)... (ش.س).

بەڵام لەم ڕووانەوە شێوەزارەکە جیاوازە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست و لەگەڵ زاری ژووروودا بەیەك دەچن:

١- لە هەردوولادا دوو دەستە جێناو هەیە و لەبریی یەکتریش بەکارنایەن.

ز.ژ: ئەز هاتم √، من هاتم*... ش.س: ئەمن هاتم√، من هاتم*

٢- وەکو زاری ژووروو دەستەی بکەری نابێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ و دیارخەر.

ز.ژ: بۆ ئەز بینە*، مالا ئەز*... ش.س: لۆ ئەمن بینە*، ماری ئەمن*

٣- فۆرمی جێناوەکانی (وی، مە، وان) لە دەستەی دیارخەریدا جیاوازە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست و هەمان فۆرمی زاری ژووروویان هەیە. هەروەها (ئەنگۆ)ی سۆرانی نزیکترە لە (هنگ)ی ژوورروو لەچاو (ئێوە)ی شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست.

## دووەم: جێناوی کەسیی لکاو( دۆخی ئێرگەتیڤ ):

زۆر لە زمانەکانی دنیادا ڕێککەوتن لە نێوان کەرستە سەرەکییەکانی ڕستەدا هەیە، ئەم ڕێککەوتنەش لە نێوان (بکەر، بەرکار، کار) دا بەپێی زمانەکان جیاوازە.زمان هەیە ڕێککەوتن لە نێوان بکەر و بەرکاردایە، زمان هەیە ڕێککەوتن لەنێوان بکەر و کاردایە، زمان هەیە ڕێککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردایە[٢٠٧]. ڕێککەوتنەکەش بەهۆی ڕاناوەکانی ڕێککەوتنەوە دەبێت و کەرستەکان لە کەس و ژمارە و ڕەگەزدا ڕێکدەکەون.

ئەوەی جێگای سەرنجی ئەم لێکۆڵینەوەیە، جۆری سێیەمە، کە بریتییە لە ڕێکەوتن لەنێوان (بەرکار و کار) دا، کە پێی دەگوترێت ئێرگەتیڤ.

[٢٠٦] صادق بهاءالدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی، لا٢٠٦، ٢١٥.

[٢٠٧] وریا عومەر ئەمین، ئاسۆسەکی تری زمانەوانی، لا١٦٣

دیاردەی ئێرگەتیف لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا نییە، جا کارەکە لە هەر کات و دەمکاتێکدا بێت. بەڵام لە زاری ژوورووی زمانی کوردیدا ((ڕێککەوتن یان لە نێوان بکەر و کاردا دەبێت یان لە نێوان بەرکار و کاردا... ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ڕێککەوتنەکە لە نێوان بەرکار و کاردا دەبێت ))[٢٠٨]. واتە کاتی ڕوودانی کارەکە کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنی کەرستەکان دەبێت، بۆزیاتر ڕونکردنەوە سەرنجی ئەم نموونەیە بدە:

تو ئەز ڤیام

لەمەی سەرەوە ڕوون دەبێتەوە کە بەرکار و کاری ڕستەکە لە کەس و ژمارەدا ڕێککەوتوون. ئەویش بەوەی کە ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاك (کە بەرکارە) چۆتە سەر کاری ڕستەکە.

ئەم دیاردەیە (ئێرگەتیف) لە شێوە ئاخاوتنی خۆشناوەتی، کە سەر بە شێوەزاری سۆرانیی زاری ناوەڕاستە، بوونی هەیە. لەم شێوە ئاخاوتنەدا ((بەرکار و کار ڕێك دەکەون ئەگەر هاتو کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بوو ))[٢٠٩]. وەك:

ئەتو ئەمە دیتن[٢١٠]

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا بەرکار کەسی یەکەمی کۆیە، بۆیە جێناوی لکاوی سەربە هەمان کەس و ژمارە چۆتە سەر کاری ڕستەکە، کە (ن) ە.

هەروەها لە شێوەی خۆشناوەتیدا ئەگەر بەرکار ناوێکی کۆ بوو، ئەوا بەهۆی (ن)ی جێناوی کەسی سێیەمی کۆ، کە دەچێتە سەر کاری ڕستەکە، ئەوە دەردەکەوێت، کە بەرکار کۆیە. ئەمەش دەبێتە ڕیککەوتن لە نێوان بەرکار و کاردا. وەك:

ئەنگۆ دار هینان          ئەمە هەنار خواردن

## دووەم: جێناوی خۆیی

فۆرمی سەرەکیی جێناوی خۆیی لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا (خۆ)یە و دەستەی خاوەنیی جێناوە لکاوەکانی دەچێتەسەر و جێناوەکە بۆ هەر شەش کەسەکە دەبێتە (خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)، بەڵام لە زاری ژووروودا فۆرمەکە (خو)ە و نە جێناو، نە هێچ شتێکی تری ناچێتە سەر[٢١١].

خاڵی لێکچووی نێوان زاری ژوورووو و شێوەزاری سۆرانی، کە جیاوازبێت لە شێوەی نووسینی ناوەڕاست(سلێمانی)، ئەوەیە، لە زاری ژووروودا ((جهانڤێ خویی هەکە هات ژ بو تەئکیدێ... ب کارهات پێڕبەستا (پریپۆزشن) یا (ب) ل پێشی جهناڤێ ب کارتێت))[٢١٢]. لە شێوەزاری سۆرانیشدا بە هەمان شێوە لە کاتێکدا جێناوی کەسی دەبێتە بکەر و جێناوی خۆیی بۆ تەئکیدکردن بەکاربێت، ئەوا پریپۆزشنی (بە) لە پێش جێناوەکە بەکاردێت، کە ئەمە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا بەکارنایەت. وەك:

[٢٠٨] ڤیان سلێمان حاجی، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، لا٤٥

[٢٠٩] نەبەز فەتاح بابکر، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، لا١١٠

[٢١٠] لە زاری ژووروشدا هەندێك جار (ن) دەبێتە جێناوی کەسیی لکاو بۆ کەسی یەکەمی کۆ، وەك (ئەم زیرەکن). بڕوانە: فاضل عمر، ئاوڕەك ل زمانێ کوردی، لا١١٩.

[٢١١] صادق بهاء الدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی، ٢٤٧-٢٤٨.

[٢١٢] هەمان سەرچاوە، لا٢٥٠.

| نموونە لە(ز.ژ) | نموونە لە (ش.س) | نموونە لە (ش.ن) |
|---|---|---|
| ئەز ب خو چۆم<br>من ب خو دیت | ئەمن بەخۆم چووم<br>ئەمن بەخۆم دیتم | من خۆم چووم<br>من خۆم دیتم... |

## ئەنجامەکان:

١- شێوەزاری سۆرانی کۆمەڵێك لایەنی پێکچووی وای لەگەڵ زاری ژووروودا هەیە، کە جیاوازە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاست، کە بناغەکەی شێوەزاری سلێمانییە. ئەمەش بەهۆی گۆڕانی زیاتری شێوەزاری سلێمانی لەچاو (سۆرانی) و (ژوورووو). هەروەها بەهۆی کاریگەریی زاری ژوورووو، کە هاوسنووری شێوەزاری سۆرانییە.

٢- لە شێوەزاری سۆرانیدا هەندێك دیاردەی دەنگی هاوشێوەی زاری ژوورووو هەیە، کە ئەو دیاردانە لە شێوەزاری سلێمانی، یان شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا نابینرێن.

٣- شێوەزاری سۆرانی بەگشتی و شێوەئاخاوتنی خۆشناوەتی لە شێوەزارەکەدا وەکو زاری ژوورووو مۆرفیمی تایبەت بە ڕەگەزی نێر و مێ هەیە لە (دۆخی خستنەسەر، دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ، دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، کە لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا مۆرفیمی تایبەت بە ڕەگەز لەو دۆخانەدا بەکارنایەت.

٤- لە شێوەزاری سۆرانیدا وەکو زاری ژوورووو دوو دەستە جێناوی کەسیی سەربەخۆ هەیە و لەبریی یەکتریش بەکارنایەن، بەڵام لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا یەك دەستە جێناوی لەو جۆرە هەیە و هەموو ئەرکەکانی تایبەت بە جێناویش دەبینێت.

٥- لە شێوەزاری سۆرانیدا وەکو زاری ژوورووو دیاردەی ئێرگەتیف هەیە، کەچی لە شێوەی نووسینی زاری ناوەڕاستدا ئەو دیاردەیە نییە.

**سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی:**


١- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی، بەشی یەکەم، ناو، چاپخانەی کۆڕی زانیاری - بەغدا.

٢- ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٨٧)، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم.

٣- بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٤- حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠)، فریزی ناوی و فریزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی.

٥- حیکمەت ڕەسول ئەحمەد (٢٠١٠)، ناوی داڕێژراو و گرێی ناوی لە دیالێکتی سەروو و ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆك، کۆلیژی ئاداب.

٦- دولبەر ئیبراهیم فەرەج شاڵی (٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٧- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٨- سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٩- سەلوا فەریقساڵح (٢٠٠٧)، کاری داڕێژراو لە نێوان کوردی (دیالێکتی ژووروو) و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی زمان.

١٠- سلێمان ئیسماعیل ڕەجەب (٢٠٠٦)، مۆرفیمێن ڕێزمانیێن کوردیا سەری (گۆڤەرا بادینان)، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

١١- صادق بهاءالدین ئامێدی (١٩٨٧)، ڕێزمانا کوردی، چاپا یەکێ.

١٢- طالب حسين على (١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ساڵی ١٩٨٩.

١٣- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول (٢٠٠٠)، ڕاناوە کەسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، گۆڤاری (زانکۆ)، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی زانکۆی سەلاحەددین، ژمارە (١٠).

١٤- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول (٢٠٠٦)، ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ فۆنیم لە نێوان کوردیی ناوەڕاست و باکوردا، پاشکۆی ژمارەی (٢٧)ی گۆڤاری (زانکۆ)ی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەڵاحەددین.

١٥- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول (١٩٩٥)، مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کار، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا.

١٦- عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ (٢٠٠٢)، مێژووی شێوەزاری گەرمیانی، گۆڤاری زانکۆی دهۆك، ژمارە (١)، بەرگی(٥).

١٧- عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩)، ئەتڵەسی زمانی- هەرێمی کوردستانی عێراق وەك نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین.

١٨- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١١)، زارە کوردییەکان، چاپخانەی پاك، هەولێر.

١٩- عەبدولوەهاب خالد موسا (٢٠١٠)، ڕێزمانی بوون و هەبوون، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢٠- عەلی عەبدولواحید ئەلواڤی (٢٠٠٧)، زانستی زمان، و.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپی یەکەم، هەولێر.
٢١- فاضل عمر (٢٠٠٤)، ئاوڕەك ل زمانێ كوردی، چاپا ئێكێ، هەولێر.
٢٢- فوئاد حەمەخورشید (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و دیالێکتەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢٣- ڤیان سلێمان حاجی (٢٠٠١)، ڕێککەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.
٢٤- قادر محەمەد پشدەری و ئەوانی تر (٢٠١١)، بابەتەکۆمەڵایەتییەکان – بۆ پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، چاپی حەوتەم.
٢٥- ك. ك. كوردۆیـۆف (١٩٨٤)، ڕێزمـانی کـوردی بـە کەرسـتەی کرمـانجی و سـۆرانی، وەرگێـڕانـی کوردسـتان موکریانی، چاپخانەی الادیب البغدادی، بغداد .
٢٦- کەسەر یاسـین محەمـەد (٢٠٠٩)، جیاوازییـا ب کارهینانـا فۆنیمـان د کوردییـا سـەر و ناڤەڕاسـتدا، نامـەی ماستەر، زانکۆی دهۆك، کۆلیژی ئاداب.
٢٧- کەوسەر عزیز ئەحمەد (١٩٩٠)، بیردۆزی مـۆرفیم و هەنـدێ لایـەنی وشەسـازی کـوردی، نامـەی ماسـتەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
٢٨- لێژنەی زمان و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کوردستان (٢٠١١)، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چـاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٢٩- محەمەد مەعروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چـاپخانەی ڕوون، هەولێر.
٣٠- محمد معروف فتاح (١٩٩٠)، زمانەوانی.
٣١- نەبەز فەتاح بابکر (٢٠٠٩)، سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی، نامـەی ماسـتەر، کۆلیـژی زمـان، زانکۆی سەلاحەدین.
٣٢- وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٣- یووسف شەریف سەعید (٢٠١٣)، وشەسازی، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

### بە زمانی عەرەبی:

٣٤– أنيس فريحة (١٩٨٩)، اللهجات و أسلوب دراستها، الطبعة الاولى، بيروت.
٣٥– محمد علي الخولي (٢٠٠٠)، مدخل الى علم اللغة، دار الفلاح للنشر و التوزيع، الاردن.
٣٦– ناديـة رمضـان النجـار (٢٠٠٥)، فصـول في الـدرس اللغـوي بـين قـدماء و المحـدثين، دار الوفـاء الـدنيا، الاسكندرية.

## کورتەی لێکۆڵینەوە:

گۆڕانی زمان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی پەیدابوونی جیاوازیی زمانی، ئەو جیاوازییەش زار و شێوەزاری لێدەکەوێتەوە لە ناو زماندا. بەپێی (تیۆری شەپۆلی ئاوی) گۆڕان لە شێوەی شەپۆل لە چەقەوە دەردەچێت و تا لە چەقەوە دووربکەوێنەوە کاریگەرییەکەی کەمتر دەبێت، بۆیە خاڵە سنوورییەکانی نێوان زارەکانی زمانێك کاریگەریی شەپۆلی زارەکەی خۆیان کەمتر لەسەرە و لە زۆر شوێندا چوونە بەناو یەکتردا و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. بەم پێیە لە زمانی کوردیدا شێوەزاری (سۆرانی)، کە شێوەزارێکی (زاری ناوەڕاست)ە و هاوسنووری (زاری ژووروو)ە، کۆمەڵێك پێکچوونی لە هەموو ئاستەکانی وەك (فۆنۆلۆجی، مۆرفۆلۆجی و سینتاکس) لەگەڵ زاری ژووروودا هەیە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخان کراوە بۆ ئەو پێکچوونانەی شێوەزاری سۆرانی لەگەڵ زاری ژووروودا، کە جیاوازە لەو شێوە زمانەی، کە لە کوردستانی عێراقدا وەکو نیمچە ستاندەرد بەکاردێت و بنەڕەتەکەی شێوەزاری سلێمانیی زاری ناوەڕاستە. لێکۆڵنەوەکە لە پێنج تەوەرە پێکهاتووە، لە تەوەرەی یەکەمدا باسی شێوەی بڵاوبوونەوەی زارەکانی زمان و پەیوەندییان کراوە. لە چوار تەوەرەکەی تردا باسی پێکچوونی نێوان شێوەزاری سۆرانی و زاری ژووروو کراوە. تەوەرەی دووەم (پێکچوونی دەنگی)، تەوەری سێیەم (پێکچوون لە وشەداڕشتندا)، تەوەرەی چوارەم (پێکچوون لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکاندا)، تەوەرەی پێنجەم (پێکچوون لە فۆرم و ئەرکی جێناودا).



## المُلَخّص

تَغَيُّرُ اللغةِ واحدٌ من الأسباب الرئيسية المؤدية إلى الاختلافات اللغوية، وتنحدرُ اللهجاتُ من هذا التغيير في اللغة. و وفْقَ (النظرية الموجية) فإن التغييرَ ينبثقُ من المركز، وكلّما ابتعدَ عن المركز كلما قلّ تاثيرُه، لذا فإنّ تأثيرَ موجة التغير تقلُّ على لهجاتِها في النقاطِ الحدودية، بل تتداخلُ هذه اللهجاتُ في أكثر الأماكن وتتأثرُ ببعض. لذلك فإنّ اللهيجة (السورانيّة) التي هي (لهيجة من اللهجة الوسطى) المجاورة جغرافيا من (اللهجة الشمالية)، تتشابَهُ أحيانا معها في جميع المستويات (الصوتية، الصرفية، النحوية).

فقد خُصِّصَ هذا البحثُ للحديث عن أوجُه التشابُه بين اللهيجة السورانية واللهجة الشمالية. و تختلفُ هذه اللهيجة عن اللغة التي تُستَخدَمُ في كوردستان العراق كلغة شِبه فصحى أساسُها لهيجةُ السليمانية التابعة للهجة الوسطى. يتكون البحثُ من خمسة محاور، في المحور الأول تمّ الحديثُ عن كيفية انتشارِ لهجات اللغة والعلاقة بينها. وفي المحاور الاربعة الاخيرة تمّ الحديثُ عن أوجُه التشابه بين اللهيجة السورانية واللهجة الشمالية، حيث خُصِّصَ المحورُ الثاني للتّشابُهِ الصوتي، و المحورُ الثالثُ للتشابه الصرفي، كما خصص المحورُ الرابعُ للتشابُه في المورفيمات القواعدية. أمّا المحورُ الخامس فخُصّصَ للتشابُه في شَكلِ الضمائرِ و وظائفِها.

**Summary**

Language change is one of the basic factors of appearance of language difference, and this difference leads to the appearance of accents and dialects in language. According to “wave theory”, change comes from the centre as a wave and when it goes far from the centre, its influence becomes less effective. Therefore, the boarders between the dialects of a language gets less wave influence from its own dialect and most of the time they mix together and has influence on each other. Thus, in Kurdish language (Sorani) accent, which is an accent of (middle dialect) and has shared boarder with (northern dialect), has some similarities in all the levels of phonology, morphology, and syntax.

This research studies the similarities between Sorani accent and northern dialect, and it is different from this form of language which is used as semi standard language in Kurdistan of Iraq that originally comes from Sulaimania accent. This study consists of five sections. Section one, deals with the extension of the dialects of language and their relationship. The other four chapters refer to the similarities between Sorani accent and northern dialect as section two, talks about phonological similarities, section three similarities in word formation, section four the similarities in grammatical morphemes and the last section copes with the similarities between form and types of pronoun.